UK Health Security Agency

# دەربارەی نەخۆشی سیل (تی بی)

سیل نەخۆشییەکی درمە و بەزۆری تووشی سییەکان دەبێت. بەهۆی بەکتریاوە دروست دەبێت. لەوانەیە مەترسیدار بێت، بەڵام بە دەرمانی ئەنتی بایۆتیك چارەسەر دەكرێت.

## چۆن تووشی سیل دەبیت

کاتێك کەسێك کە نیشانەکانی سیلی هەیە کۆخە یان پژمین، دڵۆپە بچووکەکانی بەکتریا بڵاو دەکاتەوە بۆ ناو هەوا. زەحمەتە تووشبوون بە نەخۆشی سیل. پێویستە بەرکەوتنی نزیك و ڕێکوپێك لەگەڵ کەسی تووشبوو و هەناسەدانی هەوای تووشبوو. نەخۆشی سیل ٢ جۆری هەیە، چالاك و شاراوە.

## نەخۆشی سیلی چالاك

ئەمەش واتە بەکتریاکان لە جەستەتدا چالاکن. تۆ:

- نیشانەکانت هەبێت
- لەوانەیە نەخۆشیەکە بگوازیتەوە
- هەست بە نەخۆشی بکەیت

## نیشانەکانی نەخۆشی سیلی چالاك

لەگەڵ پزیشکی گشتی قسە بکە ئەگەر ئەم نیشانانەت هەبوو:

- کۆخەیەکت هەبێت کە چاك نابێتەوە
- کۆخەی کە بەڵغەم (بەڵغەم)ی لەگەڵدایە کە خوێنی تێدایە
- تا لێهاتن یان ئارەقەکردنەوەی شەوانە
- هیچ ئارەزووی خواردنت نەبێت و کێشت دابەزیبێت
- ماندوێتییەکی زۆر

## نەخۆشی سیلی شاراوە

ئەمەش واتە بەکتریاکان لە جەستەتدا چالاك نین. تۆ:

- نیشانەکانت نیە
- ناتوانیت نەخۆشیەکە بگوازێتەوە

## نەخۆشی سیل چارەسەر دەکرێت

ئەگەر تووشی نەخۆشی سیل بوویت، ئەوا لە بەریتانیا پشکنین و چارەسەری بەخۆڕاییت بۆ دەکرێت.

## پشکنین بۆ نەخۆشی سیل

ئەگەر هیچ نیشانەیەکیش نەبێت دەتوانیت پشکنین بکەیت.

پزیشك دەتوانێت پشکنینێك یان تێکەڵەیەك لە پشکنینەکان بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بزانێت ئایا تۆ تووشی سیل بوویت. لەوانە:

- پشکنینی تیشکی ئێکسی سنگ
- پشکنینی پێست
- پشکنینی خوێن
- نمونەیەکی بەڵغەم (بەڵغەم).

## کێ دەتوانێت تووشی نەخۆشی سیل بێت

هەر کەسێك دەتوانێت تووشی نەخۆشی سیل بێت، بەڵام لەوانەیە ئەگەری تووشبوونت زیاتر بێت ئەگەر:

- کاتێکی زۆر لەگەڵ کەسێك بەسەر بەرێت کە نەخۆشی سیلی چالاکە
- لە وڵاتێکدا ژیابێت کە نەخۆشی سیلی زیاترە
- سیستەمی بەرگری لەشیان لاواز بووە
- لە دۆخێکی قەرەباڵغ یان ناتەندروستدا دەژین
- بە بەردەوامی جگەرە بکێشن، مەی بخۆنەوە یان مادده هۆشبەرەکان بخۆن
- پێشتر تووشی سیل بوون و بە باشی چارەسەر نەکرابوون

## ڤاکسین بۆ سیل

ڤاکسینی سیل هەیە. پێی دەوترێت ڤاکسینی بی سی جی. ڤاکسینی بی سی جی بە شێوەیەکی ڕۆتینی وەك بەشێك لە خشتەی کوتانی ئێن ئێچ ئێس نادرێت چونکە تەنها بۆ ئەو کەسانە پێشنیار دەکرێت کە مەترسی زیاتریان لەسەرە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڤاکسینەکە، سەردانی ماڵپەڕی ئێن ئێچ ئێس بکەن nhs.uk/vaccinations/bcg-vaccine-for-tuberculosis-tb/.

## زیاتر بزانە دەربارەی سیل

لە یوتیوب بینەری ڤیدیۆی زانیاری بن دەربارەی نەخۆشی سیلی شاراوە بە ٧ زمان.گەڕان بەدوای@ڕاستییەکان دەربارەی سیل.

سەردانی ماڵپەڕی NHS بکەن یان کۆدی QR سکان بکەن بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیل nhs.uk/conditions/tuberculosis-tb/.

**دەزگای ئاسایشی تەندروستی بەریتانیا**
**خۆئامادەکردن و خۆپاراستن و وەڵامدانەوەی هەڕەشە تەندروستییەکان**
**ڕزگارکردنی ژیان و پاراستنی بژێوی ژیان.**